# شەپۆلی هێزی کێشی "Gravitation" سەلمێندرا



پسپۆرانی ئەمریکایی شەپۆلێکیان پێواوە کە بوونی هێزی کێشی "Gravitation" لە ئونیوێرزامدا دەسەلمێنێ. زانایانی ئەو بوارە رۆژی 11.02.2016 لە واشینگتۆنەوە ڕایانگەیاند: فیزیکزانان توانیان هەست بە بوونی هێزی کێشی بکەن و بیپێون. ئەو تاقیکارییە کە لە ڕێکەوتی 14ی سێپتامبری 2015 بەڕێوە چووە، "*خواربوونەوەی مەکانی کاتیی*" کە ئەنشتاین سەد ساڵ بەر لەئێستا پێشبینی کردبوو، دەسەلمێنێ. تا ئەورۆ هیچ زانایەك نەیتوانیبوو ئەو شەپۆلە بپێوێ.

ئەو شەپۆلە کە ئەورۆ لەسەر زەوی دەپێورێ لە لێکدانی دوو چاڵی ڕەش پێکهاتووە کە 1،3 ملیارد ساڵ بەر لە ئێستا بەڕێوە چووە. هەر دووك چاڵە ڕەشەکان دەبێ 25 جار قورستر بووبن لە هەتاوی خۆمان. ئەو دوو چاڵە بە خێرایی نیوەی خێرایی تیشك بە دەوری یەکتردا خولاونەتەوە. خێراییەکەیان بە پێی کات بە

ڕادەیەك زیاتر بۆتەوە کە تێکەڵاوی یەکتر بوون و لەو دووە چاڵێکی ڕەشی لێ پێکهاتووە. ئەو شەپۆلانە نەتەنیا دەپێورێ بەڵکوو مرۆڤ بە کەرەسەی تایبەت دەتوانێ گوێشی لێی بێ.



ئالبرت ئەنشتاین لە ساڵی 1915 لە ئێئۆریی نیسبی گشتیدا وێنەی هێزی کێشیی"Gravitation"ی بەتەواوی گۆڕی. تا ئەوکات مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بە بێ هیچ کارلێکەرییەکی کاتیی ئەو هێزە لە نێوان دوو کۆرپە یاخود دوو حەجمدا پێکدێ و تەنانەت مەودای نێوانیانیشیان بڕیار دەر نییە. بەڵام ئەنشتاین لەسەر ئەو بۆچوونە بوو کە هێزی کێشی "Gravitation" پێکدێ، چونکە حەجم یاخود گەورەیی کۆرپەیەك، مەکان و کات خوار دەکاتەوە. سەلماندنی تێئۆریی نیسبی ئەنشتاین بۆ فیزیکزانان زۆر گرنگە. چونکە بەهۆی ئەوەوە دەتوانن بیسەلمێنن کە ئونیوێرزام و جیهانی دەوروبەرمان چلۆن پێکهاتووە.

نادر فەتحی (شوانە)

ماڵپەڕی رۆژهەلات / بۆکان 12.02.2016